# سەرنجێک لەسەر لاپتۆپێکی بەهێز



لە پێشانگای ساڵانەی IFA2019دا کۆمپانیای ACER نوێترین لاپتۆپی خۆی بەناوی (Acer ConceptD 9 Pro) خستەڕوو، لاپتۆپێك کە دەکرێ بەبەهێزترین لاپتۆپی کۆمپانیای ناوبراو دابندرێ.

بەرهەمەکانی جۆری ConceptD کۆمپانیای ئایسەر، بۆ کەسانی ئاسایی بەرهەم نایەن و بەڵکو بۆ خاوەن پیشەکان، وەك بەرهەمهێنی فیلم و کاری مۆنتاژ و گرافیك، یا نەخشەسازی و کاری رێکخستنی مۆسیقا، یا بۆ ئەوانەی کاری گەیم دەکەن.

لاپتۆپی (Acer ConceptD 9 Pro) شاشەکەی ١٧,٣ ئینجە، کوالیتی روونی و گەشیەکەی UHD K4ە و بە هەموو لایەکدا دەسوڕێت و دەکرێت وەك تەبلێتێکیش سوودی لێوەربگیردرێ.

لاپتۆپەکە لە پرۆسیسەری جۆری core i9ی کۆمپانیای ئەنتەل سوود وەردەگرێ، لەگەڵ کارتی گرافیکیەکی زۆر ١٦ گیگابایتی ئەنڤیدیا. کیبۆردەکەی بە ویستی بەکارهێنەر دوگمەکانی دەستکاری دەکردرێن.

قەڵەمی لەمسی تایبەت بەخۆی تێدایە و کاتێك شاشەکە دەکەوێتە سەرەوە و وەك تەبلێتی لێدێ، ئەوکات دەکرێ سوودێکی زۆر لە قەڵەمەکە وەربگیردرێ. رامەکەی ٣٢ گیگابایتە.

# ماوسی جۆری MX master3 و تواناکانی

کۆمپانیای Logitech چالاکییەکانی خۆی زیاتر لە بواری بەرهەمهێنانی ئامێرە لاوەکییەکانی کۆمپیوتەر، وەك ماوس و کیبۆرد تەرخان کردووە، بۆیە ماوس و کیبۆردەکانی کۆمپانیای ئاماژە بۆ کراو لە ریزی یەکەمەکان دێن.

لۆجیتیك لەم ماوەیەدا ماوس و کیبۆردێکی تایبەتی خستەڕوو کە تواناکانیان جێگای سەرنجن..

ماوسە نوێیەکە بە جۆری MX master3 ناسراوە، خێرایی و وردبینیەکی زۆری هەیە و بۆ پرۆگرام نووسان و ئەوانەی کاری گرافیك و دیزاین دەکەن گرنگی تایبەتی هەیە.

لە ماوسەکەدا وردبینی و خێراییەکی زۆر هەیە بۆ نموونە بە (سکرۆڵ) کردنی ماوسەکە واتە سووڕاندنی گۆیەکی بچووك کە بە زۆری لەناوەندی ماوسدایە، دەکرێت چەند هەزار دێر بە خێراییەکی زۆر چاوی پێدابخشێندرێ. ئەم تایبەتمەندییە بۆ ئەوانەی کاری پرۆگرام نووسین دەکەن گرنگە.

گۆیەکە لەماوسدا کە بە زۆری لە پلاستیك دروست دەکرێ، بەڵام لەم ماوسەدا لە پۆڵا دروست کراوە، هەربۆیە ٩٠ جار خێراترە لە ماوسەکانی دیکە. موگناتیسێك هەیە لەناوەوەدا بۆ ئەوەی لە کاتی سوڕان دا دەنگی نەبێت. خێرایی ماوسەکە چوار هەزار خاڵە لە ئینجێکدا بەجۆرێك ماوسەکە لە هەر شوێنێك دابنێی ئەو خێراییەی هەر هەیە. کێشی ماوسەکە ١٤١ گرامە.

لە ماوسەکەدا چەندین دوگمە هەیە، دوگمەکانی جوڵە بۆ پێش و دواوە لە شوێنێکی باش دانراون، جگە لەوەش دوگمەیەکی شاراوەش بۆ پەنجەی گەورە دانراوە کە بۆ جوڵە لە نێوان لاپەڕەکان یان گەورە کردن و بچووك کردنەوە بەکاردێت. ماوسەکە بە یەك شەحنکردنەوە هەتا ٧٠ رۆژ کار دەکات، بە یەك خولەك شەحنکردنەوەش دەکرێت هەتا ٣ کاتژمێر کاری پێبکرێ.







# تایبەتمەندی کاتژمێرە زیرەکەکەی هواوی

هواوی (Huawei) لەم ماوەیەدا نوێترین کاتژمێری هۆشمەندی خۆی خستەڕوو، کاتژمێری زیرەکی جۆری Watch GT2 وەك گشت کاتژمێرە هۆشمەندەکانی دیکە زیاتر تایبەت کراوە بە کاری وەرزش و جوڵە و لەشجوانی..

کاتژمێرە زیرەکەکەی هواوی پێچەوانەی کاتژمێرە زیرەکەکانی دیکە لە سیستەمی بەگەڕیخەری تایبەت بەخۆی سوود وەردەگرێ، واتە سیستەمی LiteOS. دوای ئەوەی کە ئەمەریکا گەمارۆی خستە سەر بەرهەمەکانی هواوی و گوگڵ خزمەتگوزارییەکانی خۆی لەگەڵ هواوی هەڵپەسارد و گرفتی بۆ دروست کرد، هواوی ناچار بوو لە سیستەمێکی تایبەت بەخۆی سوود وەربگرێ..

کاتژمێری جۆری Watch Gt2 بە دوو سایزی جیا بەرهەم هاتووە، هەتا دوو هەفتەش وزەی دانابەزێت. جۆری ٤٦ ملمی کاتژمێرەکە شاشەکەی ١,٣٩ ئینجە و بە گەشی و روونی OLED. جۆری دووەمیان کە بچووکترە ٤٢ ملمە و شاشەکەی جۆری ١,٢ ئینجە و ئەویش OLEDیە.

هەردوو جۆرەکە سیستەمی بلوتوسیان لەسەرە، هەستەوەری لێدانی دڵ و GPSیان تێدایە.

کاتژمێری سمارتی ئاماژە بۆ کراو لە قوڵایی ٥٠ مەتر ئاودا تا ماوەی دە خولەك خۆڕاگرن. لەو کاتەدا هەستەوەرکان چالاك دەبن تا کاتژمێرەکە بەباشترین شێوە چالاکیە وەرزشیەکانی بەکارهێنەرەکەی بخاتە ژێر چاودێری. بەکارهێنەر بە ئاسانی دەتوانێ بەهۆی کاتژمێرەکەوە وەڵامی پەیوەندییەکان بداتەوە، تەنانەت گەر ١٥٠ مەتر لە مۆبایلەکەش دووربکەوێتەوە.

هەتا دووهەفتە شەحنی دانابەزێت، بەڵام لەو کاتانەی GPS کراوەیە یان گوێ لە مۆسیقا دەگرێ، بە ٣٠ کاتژمێر شەحنی دادەبەزێت. ١٥ حاڵەتی وەرزشی تێدایە، وەك راکردن، پیاسەکردن، شاخەوانی، پایسکل لێخوڕین و مەلەکردن، هەڵگرتنی قورسایی...تاد ئەم حاڵەتانەن کە لەکاتژمێرەکەدا هەیە.

میمۆری کاتژمێرەکە دوو گیگابایتە، ئەمەش بۆ هەڵگرتنی ٥٠٠ گۆرانی تەواوە و لەکاتژمێرێکیش هەر ئەوەندە چاوەڕوانی دەکرێت.

# دوگمەکانی ئەپل بۆ دۆزینەوەی کەلوپەلەکان

سویچ و کلیلەکانت لێ ون دەبن، یا جزدان و شتە گرانبەهاکانت ون دەکەی، یا لەکاتی گەشتکردندا نازانی شتەکانت لە کوێ داناوە؟ لە سەردەمی تەکنەلۆژیای نوێدا چارەسەری ئەمانە ئاسانە..

لەمێژە شتی بچووك واتە ئامێرۆکەی تایبەت بە دۆزینەوەی کەلوپەلەکان بەرهەمهاتووە، کە وەك دوگمە یا لەزگە شتە بایەخدارەکان دەدرێ و هەرکات جێهێشتن و لێیان دوورکەوتیەوە، ئەوە مۆبایلەکەت زەنگ لێدەدا و شوێنی شتەکە لەسەر شاشەکە نیشان دەدا.

(ئەپل)یش لەم دواییەدا ئامێرۆکەی تایبەت بە دۆزینەوەی شتە گرانبەهاکانی بەرهەم هێناوە. کە وەك دوگمە دەچن ئەو دوگمانە لەلایەن ئەپلکەیشنی find my apple کە لەسەر مۆبایلی ئایفۆن دادەبەزێت، شوێنی شتە بزربووەکان دەستنیشان دەکات.

تەنانەت بە کردنەوەی ئەکاونتێکی تایبەتی لە ماڵپەڕێك کە بۆ ئەم مەبەستە دروستکراوە دەتوانی شوێنی کەلوپەلەکانت ببینی. ئەگەر بەکارهێنەرێك نەیتوانی شتە گرانبەهاکەی نەدۆزیەوە بەهۆی دوورکەوتنەوەی لە شوێنەکە یا بەهەر هۆیەك، دەتوانی هێمای ون بووی بۆ دابنێ، ئەگەر کەسێکی دیکە ئەو شتە بدۆزێتەوە دەتوانێ بە ئاسانی بۆ خاوەنەکەی بگەڕێنێتەوە.





# تەلەڤزیۆنێکی هۆشمەند فیلمی K8 بڵاودەکاتەوە

لەم ماوەیەدا کۆمپانیای (شیائومی) نوێترین تەلەڤزیۆنی خۆی بەناوی MiTVpro بەرهەم هێنا، کە بە سێ قەوارەی ٤٣ و ٥٥ و ٦٥ ئینجی بڵاوکرایەوە. ئەم تەلەڤزیۆنە دەتوانرێت فیلمەکانی K٨ بڵاوبکاتەوە.

هەرسێ جۆرەکە لە رواڵەتدا وەك یەك دەچن، چوارچێوەیەکی زۆر تەنکیان بە دەوردا کێشراوە و خودی کە تەنیا ٣٪ی گرتووە و ئەوەی تر هەمووی شاشەیە.

چوارچێوەکە لە ئەلۆمینیۆم دروستکراوە و پایەکەشی هەر لەخۆیەتی. خێرایی لە تەلەڤزیۆنەکەدا ١,٩ گیگاهێرتزە. بۆ کارپێکردنی وزەیەکی زۆر کەمی دەوێت. رامەکەی دوو گیگابایتە و میمۆرییەکەی ٣٢ گیگایە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی خۆشەویست پرسیاری ئەوە دەکا کە ئایا دەکرێت تایپ کردن بە دەنگ بێت؟ واتە تۆ بیخوێنیەوە و لە کۆمپیوتەر یا مۆبایلدا تایپ بکرێ؟**

بەڵێ خوێنەری خۆشەویست دەکرێ، هەم ماڵپەڕی تایبەت هەیە و هەم پرۆگرامی تایبەت بەم کارە، بەڵام بەداخەوە زمانی کوردی ئەم تایبەتمەندیەی نییە. بۆ زمانەکانی ئینگلیزی و عەرەبی و فارسی و تورکی... هەیە...

یەکێك لەو ماڵپەڕانە هەر خودی، ماڵپەڕی گوگلە، لە بەشی google doc دا ئەگەر ئەکاونتی خۆت هەبێ، لەبەشی tools دا شوێنێك هەیە بەناوی Voice typing واتە تایب کردن بە دەنگ.. ئیدی ئەو زمانە هەڵبژێرە کە نیازتە دەقەکەی پێ تایب بکەی.. بەمجۆرە بەبێ گرفت دەتوانی بە دەنگی خۆت بخوێنەوە و هەتا ببێتە بابەتێکی دەق..

## کیبۆردێک توانا و دیزاینێکی سەرنجڕاکێش

لۆجیتیك لەم ماوەیەدا نوێترین بەرهەمەکانی خۆی کە ماوس و کیبۆردێك بن خستنەڕوو، هەم ماوسەکە و هەم کیبۆردەکە جگە لەوەی ستایلێکی سەرنج راکێشیان هەیە، تواناکەشیان بەرچاوە.

کیبۆردی جۆری MX Keys هەم خێراییەکی زۆری هەیە و هەم پەنجەکان ئازار نادا. دوگمەکانی کیبۆردەکە هەرکام گلۆپی رووناکی خۆیان هەیە و بۆیە لە شوێنی تاریکیشدا بۆ تایب کردن کێشە دروست نابێت. هەستەوەرێکی تایبەتی تێدایە هەرکاتێك پەنجەکانی بەکارهێنەر لە کۆبۆردەکە نزیك بوونەوە هەست پێدەکات، هەستەوەرێکی رووناکیشی تێدایە رووناکی دوگمەکان لەگەڵ رووناکی شوێنەکە دەگونجێنێ.

کیبۆردەکە شەحن دەکرێتەوە و لە هەر شەحنکردنەوەیەکیشدا هەتا ١٠ رۆژ شەحنی دانابەزێت، ئەگەر رووناکی ژێر دوگمەکان بکوژێنەوە هەتا پێنج مانگ پێویستی بە شەحنکردنەوە نییە. کیبۆردەکە نە تەنیا بۆ کۆمپیوتەر بەڵکو بۆ زۆربەی ئامێرەکانی دیکە، وەك مۆبایل و تەبلێتیش دەگونجێ. کێشی کیبۆردەکە ٨١٠ گرامە. فۆمێکی تایبەتی تێدایە بۆ ئەوەی بەکارهێنەر لەکاتی تایب کردندا بەری دەستی ئازاری پێنەگات.ماوس و کیبۆردی لۆجتیك لەگەڵ هەموو سیستەمەکان دەگونجێن.





# چوارچێوەی زیرەک بۆ چاویلکە

ئەو ماوەیە خەرمان بەرەکەتی کۆمپانیای ئامازۆن بوو، چونکە لەیەك کاتدا چەندین ئامێری خۆی خستەروو، یەکێك لەو ئامێرانە کە سەرنجێکی زۆری لەسەر بوو، چوارچێوەیەکی چاویلکەی سمارت بوو. هەتا ئێستا زۆرتر چاویلکەی زیرەك بەرهەم هاتووە، واتە ئەو چاویلکانەی کە جامەکەیان شاشەیەکە و هەم فیلم نیشان دەدەن و هەم دەتوانی ماڵپەڕەکان بکەیەوە. ئەوە یەکەمجارە کە چوارچێوەی سمارتی تایبەت بە چاویلکە بەرهەم دێت.

ئەم چوارچێوەیە بە جۆری Echo Frame ناسراوە. بەکارهێنەر دەتوانێت بە ویستی خۆی جامی بۆ دابنێ. چوارچێوە سمارتەکە لە سیستەمی دەنگی زیرەکی ئە لکیسا سوود وەردەگرێ. واتە دەکرێت پرسیاری لێبکەی و ئەویش لە ئینتەرنێت بە دوای وەڵامەکەدا بگەڕێ، بۆ نمونە پرسیاری کەش و هەوا یان خوێندنەوەی هەواڵەکان، یان بڵاوکردنەوەی گۆرانی و مۆسیقا.

لە چوارچێوەکەدا ٤ بڵندگۆ هەیە و لەگەڵ مایکێك. جگە لەو زانیاریانەی لە ئینتەرنێت وەریدەگرێ، بەکارهێنەر دەتوانێ بە دەنگی خۆی گلۆپە زیرەکەکانی ماڵەوە بکوژێنێتەوە یان هەڵیان بکا.

چوارچێوەکە لە مۆبایل پەیوەند دەدرێ و پەیامەکانی سەر مۆبایلەکە رادەگەیەنێ.



## ماڵپەڕێک بۆ بەراورد لەنێوان ئۆتۆمبیلەکان

ماڵپەڕگەلێکی زۆر هەن کە تایبەتن بە ئۆتۆمبیل، وەك نرخ هەواڵە نوێیەکانی تایبەت بە ئۆتۆمبیل، کڕین و فرۆشتنی ئۆنلاین... لە نێو ئەو سەدان ماڵپەڕە تایبەتییەدا، سایتی یەکێکە لە سایتە گرنگەکان. ئەم سایتە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزییە.. لەو ماڵپەڕەدا هەواڵی گرنگ سەبارەت بە نوێترین ئۆتۆمبیلی تێدایە، جگە لەوەش بەشێکی دیاریکراوە بە بەراوردکاری لەنێوان ئۆتۆمبیلەکان. بۆ نموونە ئەگەر بتهەوێ دوو ئۆتۆمبیلی دوومارکەی لێکجیا یان هی یەك مارکەش بەراورد بکەی، ئەوە بە ئاسانی هەموو تایبەتمەندیی هەردوو ئۆتۆمبیلەکەت پێ رادەگەیەنێ..

## پرۆگرامێک بۆ گۆڕینی فیلمە کاسێتەکان بۆ DVD

کاسێتە ڤیدیۆییەکان بوون بە مێژوو، ئێستا نە ڤیدیۆیەکان دەبیندرێن و نەکاسێتەکان.. ڤیدیۆ CD و DVD و پاشان بلورەی شوێنی گرتەوە..

بۆ گۆڕینی فیلمە کاسێتەکان جگە لە کەرەستەی پێویست دەبێ پرۆگرامی تایبەت بەو بوارەشت هەبێ، یەکێك لەم پرۆگرامانە، پرۆگرامی Honestech VHS to DVD یە. پرۆگرامێك کە بە ئاسانی بەهۆیەوە دەکرێت فیلمە کاسێتەکان بۆ فۆرماتی دیجیتالی بگۆڕدرێن.

بۆ ئەم کارە پێویست دەکات ئامێری ڤیدیۆیەکەتان لەگەڵ کۆمپیوتەر پەیوەند بدەن و پاشان بە سوود وەرگرتن لەو پرۆگرامە فۆرماتەکەی بگۆڕن.

بەهۆی پرۆگرامەکە دەکرێت مینۆی تایبەت بە فیلمەکان دروست بکەی و بیکەی بە DVD.




بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە ئەوانەن:

- ڕێکخستنی کاتی تۆمارکردن
- بوونی سەدان ئێفێکتی جۆراوجۆر لە مینۆکاندا بۆ DVD.
- ڕێکخستنی ئاسان لەسەر فایلەکان.
- گۆڕینی فۆرماتەکان بۆ پلەی ستەیشن و ئایپاد.
- تۆمارکردنی دەنگ
- پشتیوانی کردن لە DVD دوو لایەکان.